چیرۆکی لە کۆتاییدا بەدڵخۆشی گەیشتم

چیرۆکنووس :شۆخە ئاڵۆن

ئاریان ... .باپیرە باپیرە ئەها ئەمڕۆ کارتم وەرگرت ویەکەمی پۆلەکەمان بووم

باپیرەی ئاریان ... .ئافەرین کوڕە جوانەکەم پیرۆزە من شانازیت پێوە دەکەم ڕۆڵەی شیرینم کوا ماچێ بدە بەباپیرەی خۆت

ئاریان .... .باپیرە من قوتابخانە تەواو دەکەم ودەبم بەدکتۆر تاچارەسەری تۆبکەم وبەتەواوی چاک ببیتەوە لەو جێگایە هەڵسی وبتوانی بەڕێگا بڕۆی

باپیرەی ئاریان .. .بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی کوڕی شیرینم ئەمە سزای تاوانەکانمە من شایەنی ئەمەم کەبەسەرم دێت

ئاریان ... .باپیرە بۆوا دەڵێ تۆچیت کردووە تخوا وامەڵێ ومەگری تۆچاک دەبیتەوە دڵنیام خودا یارمەتیمان دەدا و من دەبمە دکتۆرو تۆ چارەسەر دەکەم

باپیرەی ئاریان .... .ان شاء الله کوڕەکەم

ئاریان .. .دایکە دایکە وتت یەکەم بیت دیاریت بۆ دەکرم ئەوەتا یەکەمم کوا دیارێکە

دایکی ئاریان ... .باشە کوڕە جوانەکەم باهیوای باوکت بێتەوە لەئیش ئەتبینە بازاڕ بەدڵی خۆت دیاریت بۆ دەکرین

ئاریان ... .دایکە هەرچی دیاریەک داوابکەم تۆ پێم دەدای .؟

دایکی ئاریان ... .ئەیچۆن کوڕە جوانەکەم یەکەم بووە چۆن دڵی دەشکێنم

ئاریان ... .کەواتە ئەو دیاریەی دەمەوێ ئەوەیە کەباسی باوکی پێشووم بۆبکەی ئەوەی مردووە

دایکی ئاریان .. .بەچاوی پڕگریاان وتی کورم بۆچی باسی باوکی پێشووت دەکەی ؟

ئاریان .. .حەز دەکەم بزانم کێبوو خۆمن ئەوەم نەدیووە من منداڵ بووم ئەو مرد بۆچێ تۆش باسی ئەوەت قەد بۆنەکردووم

دایکی ئاریان . .چونکە حەز ناکەم باسی بکەم تۆش ئەو باسە داخە

!ئاریان ... .بەڵام دایکە بەڵێنت پێی دام هەرچیم ویست بۆم بکەی بۆچی باسی باوکمم بۆناکەی هاا دایکە .؟

دایکی ئاریان .. .بەدڵی پڕژان وئازاری زۆر وتی ئەزانم هەق خۆتە ژیانی باوکی پێشووت بزانی باشە شەو دوای نان خواردن دانیشم باسی هەموو شتت بۆ دەکەم لەسەرەتاوە دڵت ناشکێنم کوڕە جوانەکەم ڕاستی

منیش دەمەوێ باسی ژیانی خۆمت بۆبکەم ئەو ئازار و ناڕەحەتیانەی کەبەسەرم هات وتووشم بوو لەژیانم دوای نانی ئێوارە بۆت باس دەکەم کورە جوانەکەم

ئاریان ... .سووپاس دایکە گیان دڵت نەشکاندم منیش گوێت بۆدەگرم

ئیتر شەوهات ودایکی ئاریان دەستی کرد بەباسکردنێ ژیانی خۆی ، من ناوم چڕۆیە واتای ناوەکەم کاتێ گوڵی چڕۆ دەکات تازە دەرچێت وگەشە دەکات وگەورە دەبێت ڕێک منیش ئەو گوڵە وابووم تازە گەشەم دەکردوو گەورە دەبووم چۆن گوڵ پێوویستی بەئاوخۆر هەیە تاگەورەبێت وبەجوانی بمێنێتەوە منیش پێوویستم بەخۆشەویستی وناز بووتا دڵخۆشبووم بەس بەداخەوە هیچ لەو خۆشەویستییەو نازەم پێی نەدرا تەمەنم 15 ساڵ بوو لەخێزانێکی ئاسایی دەژیام خۆم تاقانەبووم تەنیا برایەکم هەبوو تەمەنی 10 ساڵ بوو ناوەی ڕەوەند بوو هەمیشە باوکم جیاوازی دەکرد لەنێوانمان )نووسەر .....شۆخە ئالۆن (براکەمی زیاتر خۆشدەوویست ئێوارە کەلەئیش دەهاتەوە لەباوەشی دەگرت وماچی دەکرد و دیاری جوان جوانی بۆدەهێنا بەڵام بۆ من نا هەمیشە لێم تورە دەبوو قسەی ناخۆش وڕەقی پێی دەووتم بەڵام دایکم بەپێچەوانەبوو منی زۆر خۆشدەوویست نازی هەڵدەگرتم هەر دایکم دیاری وجلوبەرگ وشتی بۆ دەکەریم ڕۆژێک بیرم نییە باوکم قسەی خۆشی بۆکردبێتم ودوو دیاری بۆکرییێتم هەمیشە ڕقی لێم بووە هۆکاری ئەم ڕقەشم نەزانیبوو هۆکار چییە باوکم منی خۆش ناوێت وبراکەمی زیاتر خۆش دەووێت ئەی منیش منداڵێ ئەونیم جەرگی نیم بۆچی قەد نازی هەڵنەگرتوم دەستی بەسەر نەهێناوەم ئەمەو چەندین پرسیار لە مێشکم بوو هەمیشە لەدایکمم دەپرسی کەباوکم بۆوایە لەگەڵم ئەویش دەیووت وانیە تۆی خۆشدەووێت بەڵام تۆ هەستی پێی ناکەی و وای دەبینی کچە جوانەکەم دەمزانی قسەکانی دایکم وانیەو ڕاست نییە باوکم ڕقی لەمنە ڕۆژێ برا بچووکەکەم نەخۆش کەوت وتایەکی زۆر گەرمێ لێ هات باوکم بەمەی زانی شێت بوو خێرا گەیاندیە نەخۆشخانە ولە نەخۆشخانەش هەمیشە بەدیاریەوەبوو تابەیانی بەڵام کاتی من نەخۆش کەوتم هیچ کات منی نەبردۆتە .نەخۆشخانە لام نەبووە و گرنگی پێی نەداوەم هیچ کات

هیچ کات هەستم بەبوونی باوکم خۆشەویستی باوکم نەکردووە تەنیا دایکم نەبێت جێگای هەموو شتی بۆگرتبوومەوە کچێکی تابڵێ لەسەرخۆو هێمن بووم لەقوتابخانەیش یەکێک بووم لەقووتابیە زیرەکەکان باڵایە مامناوەندوو قژێ ڕەشی خاوەو چاوێ ڕەشی گەشم هەبوو قەد باوکم پارەی نادامێ بۆقوتابخانە دایکم لەباوکم پارەی دەبردوو پێداویستییەکانی قوتابخانەی بۆ دەکەریم هەمیشە باوکم دەیووت دەرت دەکەم لەقوتابخانە دایکم نەیدەهێشت وڕێگری لێی دەکرد قەد بیرم نییە باوکم دوو قسەی خۆشی بەدایکم وتبێت ئەویشی خۆشناویست بەس دایکم هەمیشە ڕێزی لەباوکم دەگرتوو میهرەبان بوو لەگەڵی کاتێ باوکم قسەوجنێو بگرە لێدانیشی لەدایکم دەدا دایکم قەد هیچی ناوت بۆیە هەمیشە باوکم دەیووت تۆش لەدایکت دەچیت دایکیشم کەسێ میهرەبان ولەسەرخۆبوو دڵی گەورە و باشی هەبوو بەرگەی هەموو ناهەقی وقسەولێدانەکانی باوکمی دەگرت ئیتر ڕۆژێ دایکم کەمێ خواردنەکەی سووێردەرچوو باوکم لەئیش هاتەوە جاکە خواردنەکەی خواردوو سووێربوو لەسەر ئەوە زۆرزۆری لەدایکمم داو تورەبوو لێی وتی من لەئیش دێمەوە تۆ بەئەنقەست خواردنی سووێرم بۆدەکەی خستییە ژووڕێکەوە بەقەیشی پانتۆڵەکەی زۆرزۆری لێدا گشت گیانی شکان منیش چووم ڕێگری لێی بکەم زۆریشی لەمنیش دا بەڵام زیاتر لەدایکمی دا هەموو گیانی خوێنێ لێێ دەهات وبریندارببوو شکابوو جگە لەگریان بۆخۆم وحاڵی دایکم هیچترم لەدەست ناهات زۆر ڕقم لەباوکم دەبۆوە زۆر تورەبووم وتم دایکە چیتر لەگەڵ ئەم پیاوە ناژین ئەوجگە لە ڕەوەند برام کەسی تری خۆش ناوێت ولای گرنگ نییە لێی جیابەوەو من وتۆ بۆخۆمان دەژین تێناگەم ئەوە چ پیاوێکە چ باوکێکە هەر بەڕاست

ویژدانی نییە دڵی نییە ئاخر بۆوامان لێ دەکات تاوانمان چییە چی لە ئێمە دەوویت بۆناهێڵێ بژین ودڵخۆش بیت بۆچی باوکی هاوڕێکانم وانیە بۆچی باوکی من وایە بڵێم چی کچە جوانەکەم باوکت هەر لەسەرەتاوە ئێمەی نەویستوە بۆچی دایکە ئێمەی نەویستوە کچە جوانەکەم )نووسەر ...شۆخە ئاڵۆن (باوکت پێش ئەوەی من بهێنێ ئاشقی کچێ بوو دڵی بەکچێترەوە بوو بەڵام شووی کردوو باوکتی جێهێشت ئیتر خۆت دەزانی من دایکم باوکم نەبوو لەژێر دەست براو براژنێکم بووم ئەوانیش منیان ناویست هەر بەبەلاش منیان پێشکەش بەباوکت کرد ویستیان لەکۆڵیان ببمەوە باوکت هەمیشە ڕقی لەکچ بووە وتی منداڵت بوو دەبێت یەکەم منداڵم کوربێت ئەگینا نامەوێت وفرێ دەدام ئەگەر کچ بێت ئیتر منیش زۆر دووعام دەکرد کوربێت بەڵام خودا تۆی پێدام چڕۆ باوکت زۆر تورەبوو زۆری لێدام قسەی پێی وتم ویستی تۆ فڕێ بداو بتکوژێ بەڵام من نەمهێشت ولێی پاڕامەوە وتم ئەمجارە کوورت پێی دەدام تکایە هیچ لەکچەکەم مەکا زۆر لێی پاڕامەوە ئینجا ڕێگەی دا تۆ بژی ئیتر منیش ناوەی تۆم نا چڕۆ نائومێدوو بێی هیوا نەبووم چونکە دەمزانی گوڵەکان دووبارە چڕۆ دەگرن وگەشە دەکەن تۆش بەوجۆرە توانیت خودا بەمنت بداتەوە بژی دڵنیام ڕۆژێکیش دێ وەک ناوەکەت دووبارە گوڵ دەگری تەنیا پێوویستە باوەڕت بەخوا هەبێت وبەهێزبیت کەئەم هەموو ناخۆشیە گشتی تێپەڕێ کچە جوانەکەم چیتر مەڵێ بابڕۆین وباوکت جێ بهێڵین پێم بڵێ بچینە کوێ من بێی دایک وباوکم وبراکەشم کەمنی ناوێت ومنی بەئاسانی فرۆشت ئەگەریش لێرە ڕابکەین دڵنیا بە باوکت دەماندۆزێتەوە دەمانکوژێت ئیتر بۆکوێ بڕۆین بێی پارەو بێی کەس وکارین پێوویستە لەگەڵ باوکت بمێنینەوە من ئەو هەموو ماوەیە تەحەموولم کردوو سەبرم گرت لەبەر ئێوە بوو تۆش دەبێت بەرگە بگری کچە جوانەکەم هەموو ناخۆشییەکان تێپەڕێ وخودا تۆڵەی ئێمە لەباوکت دەکاتەوە منیش بەگریانەوە گوێم لەقسەکانی دایکم دەگرت ڕاستی دەکرد ئێمە هیچ کەسمان نییە ناچار دەبێت لەم زیندانە لەگەڵ باوکم بمێنینەوە بەرگە بگرین وهەموو شت بدەینە دەست خوا ئیتر ڕۆژان تێپەری ژیانێ.

ئیتر ڕۆژان تێپەری ژیانی سەخت دەژیاین لەگەڵ دایکم بەس ناچاردەبوو بەرگەی هەموو ئازارەکان وقسەو جنێوەکان باوکم بگرین ڕۆژە ناخۆشەکەی من لێرەوە دەستی پێ کرد کاتی لەقوتابخانە گەڕامەوە بینیم دایکم نەخۆشەو لەسەر جێگایە خەریک بووشێت بم دایکم ئاوا بینی لەباوکم پارامەوە تابیبینە دکتۆر بەڵام ئەو هەر بەلایەوە گڕنگ نەبوو وەک بڵێ ژنی ئەو هەر نەبێت وبەقسەی نەکردم ونەیبرد بۆدکتۆر دایکم لەتاو ئازار هەر هاواری بوو منیش خەریک بوو شێت دەبووم بۆ دایکم باوکیشم هاتوو هاواری بوو بەسەرمندا دەیووت هاتوومەتەوە لەئیش بۆهیچت بو ئامادەنەکردووم منیش تاهێزم تێدابوو هاوارم کرد و تورەبووم قسەم کردوو وتم ئەسڵان تۆ نەباوکی نەپیاوی چ پیاوێک ئاوا لەژنەکەی دەکات ونەخۆشەو نایبات بۆ خەستەخانە بەخۆتیش دەڵێ پیاو ناو خەڵک ئاخر بۆچی بەزیت نییە ویژدانت نییە چیمان لێتکردووە وا ئازارمان دەدایت تا ئێستا چی خراپەوناخۆشی وئازار نەما بەسەرمانی نەهێنی ئێمەش هەر بێدەنگ بووین وهیچمان نەووت ویژدانت هەبێ ئەو ژنتە ئازاری هەیە و خوێن لەدەمی دێت بابیبین بۆ دکتۆر ئیتر باوکیشم هەڵساو تورەبوو وتی چی لێی بکەم نەخۆشە ها منیش پارەی دکتۆری ئەوەم پێی نییە لەبەیانییەوە تا ئێوارە ئیش دەکەم جا بچم گشتی بدامە دکتۆرو دەرمان تۆش زمان درێژی نەکەی ئەگینا زمانت دەبڕم وبەقایش لێت دەدام ولە ژوورەت دەنێم منیش جگە لەگریان بەدیار دایکمەوە هیچترم پێی ناکرا ئازار و گریانی دایکم تا حەوت تەبەقەی ئاسمان گەیشت دوای چووم قاچی باوکمم ماچ کرد بەس دایکم بەرێتە نەخۆشخانە بەچاوی گریانەوە لێی پارامەوە ئیتر دڵی نەرم بوو ڕازی بوو دایکم بەرینە خەستەخانە بەس بەداخەوە دکتۆر وتی شێرپەنجەی سییەکانێتی هیچ ڕێگەیەک نییە بۆچارەسەرکردنی ئەمە دەمێکە ئاوایە بۆ زوو نەتهێنە بۆلای دکتۆر شۆک بووم واتا دایکم دەمێکە ئاوایە نەخۆشەو خوێن لەدەمی دێ وهیچی نەوتوەو بێدەنگ بووە بەرگەی گرتووە )نووسەر...

شۆخە ئاڵۆن (ئیتر کەدکتور وای وت لە نەخۆشخانە هاوارم گەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان واتا دایکم دەمرێت چاوەڕێ مردنی دایکم بم باوەڕم بەوقسانەی دکتور ناکرد وتم نەخێر دایکم جێمان ناهێڵێ نابێت بمرێ وئێمە جێ بهێڵێ نازانم بەچ وشەیەک وەسفی ئەوکاتە بکەم ئاخر دایکم بڕوا من بێی کەس وتەنیا دەمێنمەوە تەنیا دایکم پشت وپەنام بوو نازی هەڵگرتم وهێزی پێی دەدام کاتێ دایکت واتا ڕووناکی ماڵ ودڵ وگیانی ژیانت هەواڵی مردنیت پێی دەڵێن دەبێت حاڵت چۆن بێت ناتوانم باسی ئەوکاتە بکەم تەنیا دەڵێم هیچ کەسێ لەوحاڵە نەبێت تەنیا دەزانم هەناسەم دەدا و ناژیم ژیان بێی دایک چ واتایەکی هەیە من بێی ئەوناژیم تەنیا دەگریام قسەو زەردەخەنەو ئامۆژگارێکانی هەمووی لەپێش چاوەم بوو من چیتر چڕۆم ناکرد گەشام ناکرد بەڵکوو دوای مردنی دایکم بەتەواوی شکام وسیس بووم و وردووخاش بووم جستەیەکی بێی ڕووح وابووم دایکم تەنیا دایک نەبوو بەڵکوو هاوڕێ ژیانیشم بوو ئیتر دوای ماوەیەک دایکم مردوو ئێمەی بەتەواوی جێهێشت تەعزێمان بۆدانا تەعزێ چۆڵ تەنیا چەن مامەیەکەم وهەندێ خزم وکەس ودراوسێ هاتبوون باوکم وبراکەم بەخەیاڵیان ناهات وەک بڵێ تەعزێ ئەوان هەر نەبێت تەنیا حاڵی من وێران بوو بۆیەک دەقەش نەمتوانی نەگریم ئاخر چۆن بێی دایکم بژیم هەمیشە دەمووت خۆزگە دایکە دایکە منیشت لەگەڵ خۆت دەبرد بۆ بەهەشت ئەم دۆزەخەی لێی دەژیم منت جێ ناهێشت من بەرگە ناگرم ئیتر دوای ماوەیە کەم مامەکانم وتیان پێوویستە باوکت ژن بێنێتەوە من وڕەوەند منداڵین پێوویستە کەسێ هەبێ ئاگای لێمان بێت ئیتر ژنیان بۆباوکم دۆزی وباوەکم ژنی تری هێنایەوە باوەژنم زۆر خراپ بوو لەگەڵم وەک مار وابوو پێوەی ئەدام نازانم چۆن باسی ئەو ئازارانەم بکەم کەباوەژنم پێی دەدام هەموو ڕۆژ لێدان وقسەو جنێوەو ئازار بەشێک بوو لەژیانی من هەموو ڕۆژ گشت ئیشی ماڵی بەمن دەکرد هەرکاتێ ئیشێکم جوان نەکردایە بەسۆندەو قایش گیانی گشت خوێن دەکردم یان سزای ئەدام لەبەر باران بم بەزستان و بەهاوینانیش لەبەر گەرمی خۆر دایدەنام ئای لەو هەموو ئازارە هەموو ڕۆژ هاوارم دەکرد خوایە جگە لەتۆ کەسترم نییە خوایە ئەو هەموو تاقیکردنەوەیە ماندووبووم خوایە وەرە فریام ڕۆژێ کەمێ نەخۆشبووم مێزەکەی تەلەفیزۆنم جوان پاک نەکردەوە لەسەر ئەوە زۆری لێدام بەسۆندە زۆرجار هەبوو ڕۆژی یەک ژەم نانی پێی دەدام باوکیشم قەد ناهات بەلامەوە ئەو برین وئازارەی دەستمم وگیانمی دەبینی هیچی ناوەت تەنیا ڕەوەندی لاگرنگ بوو باوەژنیشم ڕەوەندی زۆر خۆشدەوویست چونکە هەرچی بووتایە ڕەوەند بەقسەی دەکرد ڕەوەند زۆرجار هەبوو بەئەنقەست بەدەست باوەژنم منی بەلێدان دەدا وەرە برای ڕاستی خۆت .ولەخوێن خۆت بێت ئاوابێت لەگەڵت من تەنیاو بێی کەس بووم هاوارم دەکرد دەگریام

خوایە منیش بەرەوە بۆلای دایکم بۆ منیش نەمردم لەگەڵ دایکم ڕۆژێ زۆر دڵم تەنگ بوو وێنەیەکی دایکمم لابوو دەگریام وقسەو گلەیەکانم بۆی دەکرد فرمێسکەکانم دەکەوتە سەر وێنەی دایکم ئیتر ڕەوەند برام هاتوو وتی چییە بۆئەوژنە دەگری منیش تورەبووم وتم ژن نییە ئەو کەسە دایکتە چۆن وای پێی دەڵێ 9 مانگ تۆی لەسکی هەڵگرتووە بۆوا ڕقت لێدێتی ئەو باوەژنەت خۆشدەوێت کەڕۆژێک ئازاری بەتۆوە نەچەشتوە تابەیانی بەدیارتەوە نەبووە بیرت نییە کاتی نەخۆش دەکەوتی دایکم ناخەوت بەڕۆژوو بەشەو بەسەرتەوەبوو هەر چەن تۆ ئازارت هەبوو دایکم دە ئەوەندەی تۆ ئازاری دەچەشت هاواری کرد وتی بێدەنگبە درۆ دەکەی قەد دایکمم منی خۆشنەویستوە تەنیا تۆی خۆشوویست باوکم منی خۆشدەوویست وتەنیا ئەو لام بوو وتم ئەی فەقیر چاک مێشکی تۆیان پڕکردووە بەوقسانە بەم منداڵییەوە تازە 11ساڵی چۆن دەبێ وا بە دایکی ڕاستیت بڵێ ئیتر زۆر تورەبووم زۆر قسەم پێی وت لەسەر ئەوەی قسەی بەدایکم دەکرد ئیتر زۆر هاوارم کرد بەسەریدا لەوکاتەیە باوەژنم هات وتی چڕۆ ئەوە چیتە بۆوا هاوار دەکەی بەسەر ڕەوەند هاتم قسەبکەم بەڵام ڕەوەند برام بەدرۆ خۆی کردە گریان و وتی قسەم پێێ دەکات دایکە کەبە باوەژنمی دەووت دایکە زۆرم

پێی ناخۆش بوو لەدڵمەوە زۆرم ڕق لە ڕەوەند دەبووە وتی چڕۆ قسەم پێی دەکات وجنێووم پێی دەدات لەسەر ئەو ژنەی کەڕقی لەمن بوو منیش بەزۆر خۆم گرت هیچ نەڵێم بەڵام ڕەوەند زۆر قسەی بەدایکم کرد لەپێش باوەژنم منیش تا هێزم تێدابوو زلایەکی قایمم لە ڕەوەند دا دواییش دەستی کرد بەگریان ئیتر باوەژنیشم زۆر لێم تورە بوو دەرگای لەسەرم داخست تا ئێوارە باوکم هاتەوت لەئیش ڕەوەندو باوەژنم منیان بەلێدان دا باوکم هاتە ژوورەکەم وتی چییە خانم زمانت درێژبووە قسەو جنێوو لێدان لە ڕەوەند دەدای لەسەر ئەو دایکە سۆزانییەت هاوارم کرد وا بەدایکمم نەڵێ تێگەیشتی ئیتر باوکم تورەبوو بەقایش لەو ژوورە ئەوەندەی لێدام قژمی گرتوو دامی بەزەوێکە هەموو گیانم خەڵتان خوێن بوو تاهێزی تێدابوو لێی دام گریان وهاوارو ناڵەی منیش دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان زۆری لێدام هەموو گیانم شکابوو لەبەر لێدان ئەوان هەر دەیانووت تۆ لەدایکت دەچیت شایەن ئەو ئازارەیت دوای لەلێدانم وەستاو دەرگای لەسەرم داخست وتی کەس نان وئاوی پێی نەدا زۆر گریام بێی دایکیم چەند ئازاری دەدام لەم تەمەنە منداڵییەوە نەباوکم نەبرام ویژدانیان هەبوو ئاخ خوایە جگەلەتۆ من کەسی ترم نییە هاوارم دەکرد بۆئاسمان ئەی کەسی بێی کەسەکان فریام بکەوە منیش بەرەوە بۆلای دایکم خوێنەکان گیانم گشتی لەسەر زەوێکە کەوتبوو لەبەر ئازار گیانم توانام نەبوو بجووڵێم دوای دوو ڕۆژ باوەژنم دەرگای لێم کردەوە بەسینەیە خواردنەوە شۆک بووم وتی چاوت ڕوون باوکت دڵی نەرم بوو وتی دەرگای لەسەر بکەنەوە خواردنی پێی بدان وبرینەکەی بۆپاک بکەنەوە زۆرم پێی سەیربوو چۆن باوکم وا باشبوو لەناکاو تۆبڵێ فریشتە هاتبێت بۆلای وپێیْ وتبێت چیتر ئازاری من نەدا زۆریش دڵخۆشبووم واتا چیتر باوکم ئازارم نادا ئیتر نانم خواردوو چووم دەست وچاوەم شۆری باوکم وتی وەرە چڕۆ دانێشە لام وتم بەڵی ئیتر جوومە لای باوکم )نووسەر....شۆخە ئاڵۆن (دانیشتم وتی چیتر ئیشی ماڵ ناکەی چیت پێی خۆشە بیخۆ ئەم قسانەم بیست زۆر دڵخۆشبووم واتا باوکم گۆڕاوەو باش بووە وتی خۆت ئامادەبکا ئەتبینە دکتۆر بۆ برینەکان جەستەت تیمار بکا ئەگەر دکتۆر وتی بۆوات لێیْ هاتووە بڵێ کەوتوم لەسەر قادرمە بۆیە گیانم بریندارە لەخۆشیە شێت بووم وتم یانی تەواو ناخۆشییەکان دوایْ ئەو هەموو ئازارەو ناخۆشیانە من دووبارە دڵخۆش دەبم ئیتر چووینە دکتۆر برینەکانی گیانم وردەوردە بەرەوباشتر دەڕۆی دوای دوای سێ ڕۆژ ماڵەوە نەئیشیان پێی دەکردم نەقسەو نەجنێوو هیچ خراپیش نەبوون لەگەڵم بەدڵی خۆم حەزم لەچی بووایە دەمخوارد باوکم وباوەژنم زۆر باشبوون لەگەڵم نەمزانی لە پشت ئەم باشیە فێڵ وپلانی خۆیان هەیە دوای بۆم دەرکەوت باوکم.

باوکم هات وتی چڕۆ وتم بەڵێ بابە وتی دەمێکە وەک کچ وباوک دانەنیشتووین قسە بکەین خۆت دەزانی کچ دەبێت شوو بکات وکور دەبێت ژن بێنێ ئەم ژیانە ئاوایە تۆش گەورەبوویتە داوات هاتووە بۆشووناکەی منیش شۆک بووم وتم شووی چی من جارێ منداڵم بابە وتی شووبکا بەهەرێمی برای باوەژنت داوای تۆیان کردووە هەڵسام وتم ئەوە چی دەڵێ بابە هەرێم 35 ساڵە منیش 16ساڵم تخوا بابە بەشووم مەدا من هیچ حەزم بەشوو نییە تخوا بابە ئەم خراپیەم لەگەڵ مەکا ئیتر زانیم ئەمە لەژێر سەر باوەژنم دەرچووە زۆر گریام وزۆر پارامەوە وتی بێدەنگبە تەواو سبەی شەو دێن مارەت دەکەن تۆش دەبێت ڕازی بیت زۆر گریام و پاڕامەوە سوودی نەبوو باوەژنم هات و وتی لەبرای من باشترت دەست دەکەوێت براکەم دەڵێ زێرە زێر دەبێت ممنوونیش بیت کەتۆی دەووێت زۆر تورەبووم وتم براکەت خوێریە بۆیە کەس ژنی ناداتێ وا هاتە داوای من باوکیشم تورە بوو زلەیەکی لێمداو وتی بڕۆ ئەو ژوورە دەرگاشت لەسەر داخەم تابەیانی دێن مارەت دەکەن ئاخر من بەم منداڵییەوە چۆن شووبکەم دەگریام زیاتر بۆنەبوونی دایکم وبێی نازی خۆم دەگریام دەرگایان لەسەرم داخست ولەژووری تەنیا مامەوە ئەو ئەوە زۆر ساردبوو لەگەڵی ژووری ساردوو دڵی منیش ئەوەندە سارتربوو ئیتر پەرنجەرەی ژوورەکەم کردەوە سەیر ئاسمانم دەکردوو قسەم بۆدایکم

دەكرد دەمووت بیرتە دایكە دەتووت بەرگە بگرە هەموو ئەم ناخۆشیانە تەواو دەبن وخوا خۆشی دێنێ وهەقت دەسێنێ كوا دایكە من هیچ خۆشی نابینم لە دوای مردنی تۆ دایكە ژیان هەر ڕۆژەو ناخۆشیكەم پێی نیشان دەدا و یاری خۆیم لەگەڵ دەكات دەزانیت من ماندووبووم لەگەڵ ئەم یاریانەی ژیان چیتر بەرگە ناگرم خۆزگە منیش دەمردم دەهاتم بۆلای تۆمن وامدەزانی مردن تەنیا دەرچوونێ ڕووحە لەجەستە بەڵام وانیە لەدەستدانی تۆدایكە هەزاران جار لەڕووح كێشان كوشندەترو بەئازارتربوو بۆ من دەزانی دایكە ئاواتی ئێستام لەخوا ئەوەیە دەرجوونی ڕووحم لەجەستەم بۆبكاتە دیاری وبێم بۆلای تۆ ئاخ زۆر ماندووم دایكە بەردەوام بووم لەقسەكردن بەدەم گریانەوە بۆدایكم نازانم ئەو شەوەی زستان بۆوا درێژبوو حەزم دەكرد لەم شەوە گیانم دەرچوایە بەس ڕۆژ نەبووایتەوە نەچومایەتە جەهەنەمی شووكردنە هەر لای پەنجەرەی ژووڕەكەم خەومنێ بردەوە بە جەستەیە ساردو ئاهـ ونالێ زۆر بەیانی كاتێ باوەژنم دەرگای لێی كردمەوە بە هەل هەلەو كلێلەكەی هاتە ژوورەوەو خەبەرم بووە وتی پیرۆزە كچێ بەختی ژیانت كڕایەوە شوودەكەیت ودەچیتە ماڵ وحاڵی خۆت زۆر تورەبووم لەباوەژنم زۆر ڕقم لێی دەبۆوە بەمن بووایە ئێستا بمكوشتایە بەس ئاخ هیچم پێی ناكراو ناچار بێدەنگ بووم وهیچم نەووت لە ڕاستیدا ئەوەندە هیلاك بووم تاقەت وهێزم نەمابوو قسەبكەم وهاوار بكەم ژیان خۆم دایە دەست چاڕەنووس وتم چی دەبێت بابێت ئیتر هیچ بەلای من گرنگ نییە ئەوەندە ماندووبووم ئیتر شەو هات ومارەكرام دوای چەند هەفتەبە گوازرامەوە هەرێم لەگەڵ دایكی دەژیا كەدایكی باوەژنمیشی دەكرد ئەوانیش هیچیان لەباوەژنم كەمترنەبوو وەك ئەو بۆم خراپ بوون لەجەهەنەمێك ڕزگارم بوو چوومە جەهەنەمێكی تر )نووسەر ...شۆخە ئاڵۆن (هەرێمم وخەسووم وەك ئاژەڵ مامەڵیان لەگەڵم دەكردوو ئازاریان دەدام لە تەنیشتیانماڵی سیما و هیوا هەبوو كەئامۆزای هەرێم بوون سیما لە بەشی پزیشكی دەیخوێند كەدایك وباوكی لە ڕووداوی هاتوچۆ مردبوون تەنیا خۆی وهیوای بڕای پێكەوە دەژیان زۆر باشبوون لەگەڵ من لەو خێزانە تەنیا ئەو دوانە باشبوون لەگەڵم لە هەموو ئازار و بێی كەسیە تەنهن ئەوان كەسم بوون وفریام دەكەوتن ڕۆژێ هەرێم بەسەر خۆشی هاتەوە ئەمە یەكەمجاری نەبوو بەسەر خۆشی بێتەوە یەكەمجاریشی نەبوو ئاوە ئازارمدا ئیتر زۆر سەرخۆش بوو ویستی لێم نزیك بێتەوە منیش پاڵم پێوەناو نەمهێشت زور قسەم پێی وت وتم چ پیاوێكی چ بەشەرێكی تۆژنت هەیە بەم كاتە دڕەنگە دیتەوە بەسەرخۆشی ولەقومارخانەكان هیج پیاوەتیت تێدا نییە ڕێك بۆنی سەگی لێی دەهات ئەوەندەی خواردبووە وتی ئەوەچییە زمانت درێژبووە خانم پێوویستە ئاقڵت بكەم ئیتر قایشی پانتۆڵەكەی دەرهێناو زۆرزۆری لێمدا ئەوەندەی لێمدا لەهۆش خۆم چوو هەموو گیانم ببوە بڕین خوێنێ لێی هات چاوەم كردەوە سیمای ئامۆزای كانوولەی بۆ دانام برینەكانی بۆ تیمار دەكردم هەرێم نەیدەهشت بمبەن بۆلای دكتۆریش تەنیا سیما و هیوا فریایی من دەكەوتن وبرینەكانیان بۆ سارێژ دەكردم ئیتر هیوا شەری لەگەڵ هەرێم كردوو زۆر قسەی پێی وت دەیووت ویژدانت نییە ئەوە ژنی تۆیە چۆن وا ئازاری دەدای چۆن دڵت دێ لێی بدای تۆ هەقە ببیتە هەموو كەس بۆی هەم باوك هەم برا هەم هاوسەر هەم هاوڕێ بەڕاستی پیاوەتیت هیچ تێ نییە خۆ دوژمنت نییە ئەوە ژنتە زۆر جار هیوا لەسەر منی دەكردەو .شەری لەگەڵ هەرێم دەكرد بەڵام سوودی نەبوو هەرێم وخەسووم هەر خراپ بوون بۆم

دوای كەمتر لە ساڵی هەر ئازار و ناخۆشیم تێپەڕاند وهەر بەرگەم دەگرت بەس دۆژێ جیاواز لە ڕۆژانتر ڕۆژێك زۆر زۆڕ نەخۆشبووم سیما هات وپشكنینی بۆكردم وپێی وتم دووگیانم وای شۆك بووم نازانم ، دڵخۆشبم یان خەمباربم ، دڵخۆشبووم دەبووم بەدایك هەر وەك دایكان تر خوا منداڵی پێم داو گوێم لەووشەی دایك دەبێت ومنداڵەكەم بانگم دەكات یان خەمباربم كە باوكێكی وەك هەرێمی هەیە خوا دەزانی منداڵەكەشم وەك دەرچێت سیما ئەمەی بەهەرێم وت ئەویش دڵخۆش بوو بەس وتی چڕۆ دەبێت منداڵەكەم كوربێت

منیش وتم فەرقی چییە کچ بێت یان کوڕ گرنگ ئەوەیە سەلامەت بێت وتی نەخێر دەبێت کوربێت ولەمن بچێت منیش لەناودڵی خۆم وتم هەرگیز لەتۆ نەچێت ان شاء الله ئیتر دوای چەند مانگی پشکنینم کرد دەرچوو منداڵەکەم کورە هەرێم وخەسووم زۆر دڵیان خۆش بوو زۆریان پێی خۆشبوو منداڵەکەم کورە ڕاستی خۆشم پێم خۆشبوو کوربوو چونکە ئەگەر کچ بووایە ڕێک ژیانی وەک من دەبوو ئیتر لە ماوەی دووگیانیما هەرێم وخەسووم گۆڕابوون لەگەڵم باشبوون ئازاریان نادام قسەو لێدان وجنێوەیان پێی نادام ئەمزانی لەبەر دووگیانی ومنداڵەکەمە دەمزانی منداڵم ببێت وەکوو پێشوو دەژیمەوەو خراپ دەبنەوە لەگەڵم چونکە کوڕم دەبێت بۆیە واش باشن لەگەڵم ئەگەر کچ بووایە دڵنیام باش نابوون لەگەڵم ئاوا ، ئیتر سووپاس بۆ خوا ماوەی دووگیانیم ئاسایی دەژیام وبێی کێشە تێپەری تەنیا هەندێ جار ئازارم هەبوو ئەمەش لە ماوەی دووگیانیدا ڕوو دەدات ئیتر ئەو ڕۆژە هات ومنداڵم ببێت زۆرزۆر ئازارم هەبوو بردمیانە نەخۆشخانە هەرێم وهیوا و سیما لەگەڵم هاتن سیما بەدیارمەوەبوو تا منداڵەکەم لەدایک بوو سووپاس بۆخوا منداڵەکەم بەسەلامەتی لەدایک بوو کوڕێ زۆر جوانم بوو زۆر دڵخۆشبووم سیما لام بوو جێ ناهێشتم تا منداڵەکەم بوو بەسەلامەتی زور دڵخۆشبووم کاتی هێنایان بۆم شیری پێی بدام گوێم لە دەنگ گریانەکەی بوو ئەنجا زانیم بوون بەدایک چەند هەستی خۆشەو لەوکاتەیە چاوام پڕبوو لەئاو خۆم پێی نەگیراو گریام وبیر دایکمم دەکرد و دەمووت خۆزگە لێرە دەبوویت دایکە ئیتر ئاواتم زۆربوو بۆ منداڵەکەم ئەموویست بەشێوەیە جوان گەورە و پەروەردەی بکەم هەرگیز لەباوکێ وکەسەکان تر نەچێت بەوەفا و میهرەبان وبەوویژدان وخاوان مرۆڤایەتی بێت وئازار کەس نەدا بەتەمابووم دووری بخەمەوە لەباوکی وخەسووم بۆ ئەوەی وەک ئەوان دەرنەچێت ئیتر گەڕاینەوە ماڵ زۆری نەبرد خەسووم وهەرێم وەک جاران لەگەڵم خراپ بوون ئازاریان ئەدام قسەیان پێی دەووتم دەمزانی وایان لێێ دێتەوە ویستم ناو کورەکەم بنێم باران بەڵام ڕێگەیان پێی نەدام وناویان لێنا ئاریان زۆر بێتاقەت بووم بەدڵی خۆم ناوم لێێ نەنا تاوای لێی هات هەرێمم وخەسووم کورەکەیان لێی دوورخستمەوە تەنیا کات شیرپێدان بەمنیان دەدا بەردەوام لای خۆیان بوو دەیانوویست خۆیان گەورەی بکەن وڕێک وەک خۆیان دەرچێ ڕێگەیان نادا من گەورەی بکەم ولای خۆم بێت ئەمە زۆر بێتاقەتی دەکردم تەنانەت وەک دایکەکان تر مافی هیچم نەبوو بەسەر کورەکەم نەیاندەهێشت وەک دایک مامەڵەی دەگەڵ بکەم خۆیان جلەیان بۆدەکری ودەیانخەواندو کاتی دەشگریا هەر خۆیان لای بوون ولەباوەشیان دەگرت زۆرجار تامەزرۆبووم بۆنی بکەم ولەباوەشی بکەم ڕێگەیان نادا جگە لەگریان بۆحاڵی خۆم وبێکەسی خۆم هیچم لەدەست ناهات خۆی باوک وبراپشت وپەنایە بەس من ئەوانیشم نەبوو ئیتر ماوەیە تێپەرێ من لەژیانی دۆزەخی دەژیام ژیانم هەر ئازار و ناخۆشی بوو بەهۆی خەسووم وپیاوەکەمەوە بەس لەبەر منداڵەکەم بەرگەی هەموویم دەگرت انجا لەدایکم تێگەیشتم کەبۆبەرگەی دەگرت لەبەر ئێمە بوو هەموو ڕۆژ لەتاو نەبوونی ڕۆڵەکەم دەگریام وجەرگم دەسووتا کەپێم نادان ولەباوەشی بکەم کەنەخۆشە لای نیم وکەپێکەنی ودەشگیرێ لای نیم هەمووان شەوانم بەگریان بەرێ دەکرد زۆربەی شەو سەیر ئاسمانم دەکرد و قسەم بۆ دایکم دەکرد دەمووت ئەها دایکە وەک تۆ منیش بووم بەدایک دەزانی دایکە منیش ڕێک وەک ژیانی تۆ دەژیم وەک تۆ بێی کەس وبە ئازار دەژیم دایە نامەوێت منداڵەکەم وەک ئەوان دەرچێت هەرگیز ڕێگە نادام وەک ئەوان دەرچێت مرۆڤی دڕەندوو خراپ و دڵ ڕەق هەرگیز ڕێگە نادام ئیتر ئاوا شەوان قسەم بۆ دایکم دەکرد بەگریانەوە ئیتر وەرزی بەهار هات وباوکم وباوەژنم لەگەڵ خەسووم وهەرێم ڕێک کەوتن بچێنە گەشت وسفرە وتیان با ڕەوەند لای چڕۆ جێ بهێڵن ولەماڵ بن بەس نەڕۆیشتنی من خێرێ تێدابوو ئەوان لەڕێگا تووشی ڕووداوی هاتوچۆبوون هەموویان هەر لەوێ مردن جگە لەباوکم بەسەختی برینداربببوو هەواڵەکەم بیست شۆک بووم ڕاستیتان دەووێ هیچ خەمم نەخوارد بۆ مردنیان ئەنجا تێگەیشتم خوا تۆڵەی منیانی لێی کردووتەوە بەڕاستی هیچ شتێ لای خوا ون نابێت وخوا هیچی بیرناچێت

بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شت هەیە ئەو دووعانەی کەچەندینساڵە دەیکەم گیرابوو تۆڵەم کرایەوە ئەوەندە بەخراپی مردبوون گیانیان گشتی خوێن بوون تەرمەکان بەمەحاڵی دەناسرانەوە هەمووی شێواو خوێن بوو تەنانەت نەمانتوانی بیشۆینەوە ڕێک بەو جۆرە خستیانە ناو قەبر ئیتر تەعزێمان دانا هیوا زۆر لەگەڵمان بوو کات تەعزێکە هەر ئەو میوانەکانی بەڕێکرد ئیتر دوایێ تەعزێکە من وکورەکەم تەنیا ماینەوە دوای ماوەیەک خۆشترین شت لەژیانم ڕوویدا لەو کاتەیە زانیم دووعاکانم گشتی قبووڵ بووە هەر وەک دایکم دەیووت بەرگە بگرە ڕۆژێ خوا تۆڵەت دەسێنێ و دووعاکانت قبووڵ دەبێت وخۆشی دێ هیوا هات و وتی چڕۆ شتێ هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم بەس تخوا هەڵە تێمەگە لێم بڕوا بکە ئەو قسانەی دەیڵێم هەمووی ڕاستییە لەوەتی تۆم بنیوەو تۆم ناسیووە ئاشقت بووم بەجۆرێ دڵت بردوم ڕۆژ نەبوو بیر لەتۆ ڕۆژ نەبوو داوای تۆ لەخوا نەکەم بەگریان داوام لەخوا دەکرد بەڵام لەبەر هەرێم هەمیشە ناو دڵم دەمهێشتەوە ئەترسام بزانێ بەبیانووی شەرەف بمانکوژێ بەڵام چڕۆ ئەو قسانە گشتێ ڕاستییەو ئاشقت بووم هەر کات هەرێم.

هەرکات هەرێم ئازاری پێی ئەگەیاندی ولێێ ئەدای من لێرەوە دەمردم کە لەژیانی دۆزەخی دەژیایت ومن نەمتوانی هیجت بۆبکەم هەموو ڕۆژوو هەموو کاتژمێر من دڵم لای تۆبوو هەمیشە هەوڵمدا لەبیرت بکەم ودەمووت خاوان ماڵ ومێردە بەس نەمتوانی بڕوابکە بۆجارێک لەدڵم دەرت بکەم چڕۆ ڕازی ببیتە هاوسەری ژیانم کەئەم قسانەم بیست زۆر دڵخۆشبووم چاوەم پڕبوو لەئاو چونکە هیوا کوڕێ زۆر چاک بوو هەمووکات لامان بووە وتی چی دەڵێ چڕۆ ڕازیت ؟ وتم بەڵێ ڕازیم بەس بەومەرجەی خراپ نەبیت لەگەڵ من وکورەکەم ئازارمان نەدای وقسەی ناخۆشمان پێی نەڵێ لێمان نەدای دڵمان نەشکێنی وتی وەعد بێت کورەکەت وەک کوڕی خۆم سەیر دەکەم وگەورەی دەکەم وئاگام لێێ دەبێت ناهێڵم ئازار بەتاڵە قژێ تۆش بگا هەتا من هەبم ناهێڵم ڕۆژێ بگرین وخەم بخۆن ئیتر دوای چەند هەفتە هیوا منی مارەکردوو منی کرد بەژنی خۆی هەموو ئەو وەعدانەی دای گشتی بردە سەر زۆر دڵخۆشبووم لەگەڵی زۆری خۆشدەوویستم ڕێزی دەگرتم ومیهرەبان بوو لەگەڵم بۆجارێک قسەی ڕەق وناخۆشی پێی ناوەتم ئەنجا تێگەیشتم وەڵام دووعاکانم دراپەوە هەروەک دایکم دەیووت بەرگە بگرەو لە دوای ناخۆشی خۆشی دێت ڕۆژێک وەک گوڵ گەشە دەکەی وچڕۆ دەکەی ڕێک وەک ناوەکەم چڕۆم کردوو دووبارە گەشەم کردوو لەدایک بوومەوە نازانم بە چ وشەیەک باسی ئەو ساڵانەی دڵخۆشیم بکەم کەلەگەڵ هیوابووم ڕۆژێ نەیهێشت خەم بخۆم بگریم هەمیشە دەڵێم خوایە هیوام بۆ بهێڵە ئەو پشت وپەنامە لە هەموو خۆشی وناخۆشیەک وەک چاوی ئاگای لەئاریان بووە وەک کوڕی خۆی سەیری دەکردوو خۆشەویستی پێی دەبەخشی ئیتر دوای ماوەیەک باوکم بەرەو چاک بوونەوە ڕۆیشت لەخەستەخانە دەرمان کرد و هێنامە لای خۆمان ڕاستە باوکم زۆر ئازاری دام زۆر ئەشکەنجەی دام ژیانی لێێ تاڵ کردم و کردیە دۆزەخ لێم بەڵام لە کۆتاییە باوکی منەو منیش کچی ئەوەم ئەموویست من وەک ئەوان خراپ نەبم ویستم ویژدانم هەبێت ومرۆڤ بم بۆیە باوکم قاچی لەدەست داو خۆم خزمەتم دەکردوو ئاگام لێێ دەبوو بەخێوەم دەکرد هیچ ڕقم لەباوکم هەڵنەگرت بەچاکی وەڵامم دەدایەوە و مامەڵەم لەگەڵ دەکرد ئیتر باوکیشم زۆر گۆڕاو پەشیمان بووە لەو کارانەی بەرامبەر من کردی ولەو خراپەنەی و ئازارانەی بەمنی دا هەرچەنە درەنگ بوو بۆ بوون بەباوک وکچ بەڵام دڵخۆشبووم کەتێگەیشت وپەشیمان بووە باوکایەتی بۆکردم هەرچەنە تێگەیشت کەئەوکچەی ڕقی لێبوو بۆی دەرکەوت چ نعمەتێکە کەخوا پێی داوە

ئاریان ... .بەچاوی پڕگریانەوە دایکە گیان زۆرم خۆشدەوویت ئەو هەموو ناخۆشی وئازارانەت بەسەرهات چۆن ئاوا بەهێزی من دقم لەباوکی پێشوومە کەئاوا خراپ بووە لەگەڵت

چڕۆ ... .نەخێر کوڕم نابێت ڕقت لەکەس بێت من نامەوێت تۆ لەوان بچیت دڵ ڕەق وخراپ وبێی ویژدان وڕق هەڵگری نەکەی وابیت

ئاریان ... .باشە دایەگیان وەعدبێت من لەوان ناچم لەتۆ دەچم پڕدەبم لەباشی ومیهرەبانی ومرۆڤایەتی و ویژدان لەدڵ وناخم دەچەسپێنم دەبمە ئەو مرۆڤەی کەئازاری کەس نەدام وکەس بەهۆی من ئازار نەخوا بەڵێن بێت دایکە ئەو کورە دەبم کەتۆو هیوای باوکم دەتانەوێت منیش بەس هیوا بەباوکی خۆم دانەم کەچۆن منی خۆشوویستوە منیش ئاوا خۆشم دەوویت وڕێزی دەگرم وهەرگیز بێی ڕێزی بەرانبەر ناکەم (نووسەر...شۆخە ئاڵۆن)

باوکی چڕۆ .... .تخوا بمبوورە کچە جوانەکەم بۆئەو هەموو خراپەیکە ئەو هەموو ساڵە بەڕامبەر تۆ کردم بمبوورە

چڕۆ .....تخوا مەڵێ بابە جیان من تۆم بووری خواش تۆ ببووری ان شاء الله

ئیتر دوای چەند ڕۆژێ خێزانەکەم لەماڵ کۆکردەوە وتم دەمەوێ هەواڵێکتان پێی بدام

!هیوا .....خێرچیبووە گیانم هەواڵ چی تۆ باشی خۆ شتی ناخۆش نەبووە ؟

چڕۆ . .نانە گیانم هەواڵی ناخۆش نییە بەڵکوو هەواڵی خۆشە لەم چەند ڕۆژە سیما پشکنینی بۆکردم دەرکەوت دووگیانم

هیوا .. .هاچی واتا دەبمەوە باوک واتا من ئیتر دوو منداڵم دەبێت ودووبارە دەبمەوە بەباوک وای چەن دڵخۆشم من زۆر دڵخۆشم سبەی شیرینی دەبەخشێمەوە لە گشت کۆڵان وشار

ئاریان . .. .واتا منیش دەبمە کاکە ئای دایە گیان زۆر دڵخۆشم خووشکی یان برایەکم دەبێت

باوکی چڕۆ ... .پیرۆزە کچەکەم بەسەلامەتی لەدایک بێت ان شاء الله

ڕەوەند .. .پیرۆزە دادە جیان بەسەلامەت لەدایک بێت

چڕۆ ... .سووپاس بۆ هەمووتان بەسەلامەتی لەدایک دەبێت ان شاء الله و هەر لەخۆشیابن

دووبارە دەڵێم سووپاس بۆخوا لە کۆتاییدا بەدڵخۆشی گەیشتم و لەگەڵ خێزانی بەختەوەر دەژیم دوور لەکێشەوشەرو ئازار دڵنیابن خوا بەشی هەمووان دڵخۆشی داناوە تەنیا پێوویستە بەناخۆشی وئازار .تێپەرین وبەرگە بگرین تادەگەین بەدڵخۆشی لە کۆتاییدا قسەکەی دایکم هاتە دی وەک گول چڕۆم کرد